# ئایا پێتان بڵێم کێ قەدەغە دەکرێت لەسەر دۆزەخ؟ وکێ دۆزەخی لەسەر قەدەغە دەکرێت؟ قەدەغە دەکرێت لەسەر هەموو کەسێکی نزیک ونەرم ونیان وئاسان

له‌ ئیبن مه‌سعوده‌وه‌ -ڕه‌زای خوای لێبێت- كه‌ پێغه‌مبه‌ر -صلى الله عليه وسلم- ده‌فه‌رموێت: «ئایا پێتان بڵێم كێ قه‌ده‌غه‌ ده‌كرێت له‌سه‌ر دۆزه‌خ؟ وكێ دۆزه‌خی له‌سه‌ر قه‌ده‌غه‌ ده‌كرێت؟ قه‌ده‌غه‌ ده‌كرێت له‌سه‌ر هه‌موو كه‌سێكی نزیك ونه‌رم ونیان وئاسان ».

[صەحیحە] [تورموزی گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

ئایا هه‌واڵتان پێبده‌م به‌و كه‌سه‌ی كه‌ حه‌رام ده‌كرێت له‌ چوونه‌ دۆزه‌خی ودۆزه‌خیش بۆ ئه‌و قه‌ده‌غه‌ ده‌كرێت كه‌ تێیدا سزا بدرێت وناچێته‌ ناو دۆزه‌خه‌وه‌ به‌ هیچ شێوه‌یه‌ك، هه‌ركه‌سێك نزیك بێت له‌ خه‌ڵك وشوێنی دانیشتنیان ونه‌رم ونیان بێت به‌رامبه‌ریان به‌ گوێره‌ی توانا، وهه‌ر كه‌سێك له‌سه‌رخۆ بێت به‌رامبه‌ریان ولێبووورده‌ بێت له‌ كاتی مامه‌ڵه‌كردن له‌گه‌ڵ خه‌ڵكیدا.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/4943